وەزیری داد پێشوازی لە هاوتا سەمایییەکی دەکات

د.خالید شوانی وەزیری داد، ئەمڕۆ سەشەممە، لە نوسینگەی فەرمی خۆی پێشوازیکرد لە حەسەن موعەللیم مەحمود وەزیری داد ودەستووری کەماری سەمایی فیدڕاڵی وشاندی یاوەری.

لە میانی دیدارەکەدا هەردوولا گفتوگۆیانکرد لەبارەی هاریکاری نێوان وەزارەتی دادی عێراق ووەزارەتی دادی سەماڵ بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بەئاوگۆڕی شارەزایی دادی وواژۆکردنی یاداشتنامەکانی لەکتێگەیشتنی نێوان هەردوو وڵات.

شوانی جەختی لەخواستی وەزارەتی داد کردەوە بە هاریکاری هاوبەش لەسەرجەم بوارەکاندا وهەنگاونان بەرەو پتەوکردن وپەرەپێدانیان بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلانی هەردوو وڵاتدا.

لای خۆیەوە وەزیری دادی سەماڵ موعەللیم خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرخساندنی دەرفەتی سازکردنی ئەم دیدارە،وتاوتوێکردنی دەسپێکی وبابەتەکانی پەیوەست بەپتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات،خواستی حکومەتی وڵاتەکەی بە هاریکاری لەگەڵ عێراق وواژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی داد بە خزمەتکردنی هەردوو وڵاتی دووپاتکردەوە.